Revolutionareis Union of Kurdistan
**secretariat**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**
**دەبیرخانە**

## لە وەڵامی نامەی سەر ئاواڵای کۆمەڵێك لە خوێندکارانی زانکۆی کوردستان دا

لە 10ی پوشپەڕی رابردوودا, نامەیەکی سەر ئاواڵە لە لایان "کۆمەڵێك لە خوێندکارانی زانکۆی کوردستان" لە سنەوە, بلاّوکرایەوە. نوسخەیەك لەو نامەیە گەیشتە دەست یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانRUK و لە زۆر سایتیشدا بلاّوکرایەوە و هەفتەنامەی "جەماوەر"یش کە لە هەولێر دەردەچێ لە چاپی دا.

بەرێز کاك حسەین یەزدانپەنا سکرتێری گشتیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان یەکێ لەو کەسانەیە کە رووی قسەی ئەو کۆمەڵە خوێندکارەی تێکراوە.

ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە وەڵامی بەرێز سکرتێری گشتی RUKیە بەو کۆمەڵە خوێندکارە.

بۆ خوێندنەوەی نامەی سەر ئاواڵەی خوێندکارانی زانکۆی کوردستان بڕواننە سایتی www.ruk2691.org.

**دەبیرخانەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**
2003/8/10

# دۆستانی بەرێز، خوێندکارانی خۆشەویستی زانکۆی کوردستان

### سلاّوێکی گەرم



سەرەتا زۆرتان سوپاس دەکەم کە لەو نامەیەدا رووی قسەتان لە منیش بوو. هەڵبەت من حەزم نەدەکرد ناوم بخەنە لیستەیەکەوە کە بە "رێبەرانی سیاسی کوردستان"تان داناون. من خۆم تەنیا بە هاووڵاتیەکی ئاسایی دەزانم. هاووڵاتیەك کە ئەو پەڕی سەربەرزی و شانازیی تەنیا ئەوەیە کە پێشمەرگەی ئازادیی میللەتەکەیەتی. من هەرگیز خۆم لە قبوڵی بەرپرسایەتی نە شاردوەتەوە، بەڵام قەت ئارەزوم لە پلەوپایە و سکرتێری و رێبەری و ئەم ناو و نیشانانە نەبووە. رۆژگار ئەو ئەرکەی خستە سەرشانم و رێگایەکیشم بێجگە لە هەڵگرتنی نەبوو. خۆزگە بتوانم لە بارەگای بەرزی میللەت و لە حاست ئاو و خاك و نیشتمان و لە حاند شەهیدە نەمرەکانی رووسوور دەرچم.

ئەو بابەتانەی ئێوەی خۆشەویست لە 5 خاڵدا باستان کردون، هەر لەجێدا، هەموویان بابەتی گرینگ و جی بایەخی ئێمەن. جێی خۆشحاڵییە کە ئێوەی بەرێز سەرەڕای ئەو بارودۆخە نالەبارەی رێژیم بەسەریدا سەپاندوون و بە هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەوە کە لەسەر رێی دەست راگەیشتنتان بە ئامرازەکانی پێوەندیی و زانیاریی وەرگرتن، دایناون، بەو جۆرە ورد بینانە سەرنجتان داوەتە بابەتە سیاسیەکان و لەخەمی ئەمڕۆ و پاشە رۆژی وڵات و گەلەکەتاندان.

بەڵام ڕێگەم بدەن دید و بۆچوونەکانم لەسەر یەك بە یەکی ئەو خاڵانەی نووسیوتانە، دەربڕم. هیوادارم تێبینیەکانم وەك دیالۆگ و وتوویژێکی داهێنەرانە لە نێوانماندا قبوڵ بکەن و پێکەوە بیانکەینە بابەتی راڤە و لێدوانی گشتی و لە نێوانماندا قەتیس نەبن.

لە خاڵی یەکەم دا، بە دروستی ئاماژەتان بە گۆڕانی بارودۆخی نێونەتەوەیی و هەرێمی و ناوخۆیی و هەڵکەوتنی هەلی مێژوویی بۆ گەلی کورد و گەلانی ئازادیخوازیی ئێران کردوە.

من گرینگی فاکتۆری دەرەکیی بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ئێران و لە کوردستان بە چاکی تێدەگەم. تەنانەت لەسەر ئەو باوەڕەم کە بەبێ لەبار بوونی فاکتۆری دەرەکیی، رزگاری کورد و گەلانی ئێران لەژێر حوکمی داگیرکەری و دیکتاتۆری نامومکینە. بەڵام بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ، تەنیا لەبار بوونی فاکتۆری دەرەکی بەس نیە. ئەگەر بێتوو، بارودۆخی نێوخۆیی چ لە نێو کوردان و چە لە ئێراندا، بۆ گۆڕانکاریی بە ئاقاری پێشکەوتندا دابین نەکرێ، فاکتۆری دەرەکیی ناتوانێ، ئازادی و دیمۆکراسی و یەکسانی بۆ ئێمە و گەلانی وەك ئێمە بە دیاری بێنێ.

هەر لە درێژەی خاڵی یەکەمی نامەکەتاندا نووسیوتانە: "مەرجی کەڵك وەرگرتن لە هەر دەرفەتێك بۆ بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان بەستراوەتەوە بە تێگەیشتوویی و رادەی ئامادەیی هێزە سیاسیەکانی کوردستان".

من بەبی ئەوەی بمەوێ لە دەور و بایەخی هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە پرۆسەی گۆڕان و وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان کەم بکەمەوە؛ لەگەل ئەمجۆرە تێگەیشتنەدا نیم. هێزە سیاسیەکانی کوردستان تەنیا بەشێکن لە پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری. تەنیا بەشێکن لەو هێزە کۆمەلایەتیانەی کە بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاریی تێدەکۆشن. دانی ئەم دەورە موتڵەقە بە هێزە سیاسیەکان، بێ وەزیفە کردنی باقی هێزە کۆمەلایەتیەکانی وەك: روناکبیران، نووسەران، هونەرمەندان، ژنان، خوێندکاران، کرێکاران، مامۆستایان و کەسایەتیە سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگیە سەربەخۆکانە. بێجگە لەوەش بەراستی ئەو ئەرکە تەنیا بە هیزە سیاسیەکان هەڵناگیرێ. خۆ ئەگەر وای دانێین کە پێشمان هەڵدەگیرێ؛ من بە چاکی دانانێم و دانی دەوری وەها موتڵەق بە هێزە سیاسیەکان و بە "سیاسەت" و بی وەزیفە کردنی کەرتە کۆمەلایەتیەکانی دیی بە مەترسی دادەنێم بۆسەر کۆمەڵگای کوردەواری؛ نە بەرژەوەندیی کوردی تێدا دەبینم و نەهی درێژ خایەنی هێزە سیاسیەکانیش.

ئێمە هێزە سیاسیەکانی کوردستان، لەگەڵ هێز و کەرتە کۆمەلایەتیەکانی سەرەوە و لەگەڵ یەك بە یەکی تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری، پێکەوە دەتوانین کەڵك لە هەر بارودۆخ و دەرفەتێکی لەبار وەرگرین.

لەخاڵی دووهەمی نامەکەتاندا، رەخنەتان لە جۆری پەیوەندی رابردووی حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان گرتووە و خوازیاری ئەوەن کە رێگایەکی نوێ و سیاسەتێکی رۆشن لە بەرانبەر یەکتردا بگرینە بەر و خەڵکی کوردستان لە دووبارە نەکردنەوەی روداوە دڵتەزێنەکان و شەڕ و تێکهەڵچوونە خوێناوییەکانی سالانی دەیەی 60ی هەتاوی دڵنیا بکەین.

دڵنیام ئاگاداری رابردوو و کورتە مێژوی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان RUK هەن. RUK سالی 2691کوردی، 1370 هەتاوی دامەزراوە و لە راستیدا هی نەسلێکی تازە لە تێکۆشەرانی کوردە؛ تازە هەم لە رووی تەمەنەوە و هەم لە رووی بیروباوەڕ و رێبازی سیاسیەوە. RUK هیچ دەور و بەشدارییەکی لەو روداوانەدا کە ئێوە باستان کردون نەبووە. تەنانەت هیچ تێکۆشەرێکی ریزەکانیشی وەك تاك بەشدار نەبووە. ئێمەش وەك ئێوە بەچاوی رخنەوە دەڕوانینە رابردووی ئەو پێوەندییانە.

RUK سیاسەتێکی زۆر رۆشنی لە بەرانبەر هێزە سیاسیەکانی کوردستاندا هەیە. ئێمە بۆ دژایەتی هیچ حیزب و رێکخراوێك لە دایك نەبووین. RUK هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان بە بەشێك لە هێز و توانای کوردان دەزانێ کە بۆ رزگاری لە بندەستیی خەبات دەکا. لەگەڵ هیچ لایەنێکدا گیروگرفت و شەڕ و قرەی نییە و بەرانبەر هەموو لایەك نیاز پاکە و

ئامادەیە بۆ هاوکاری و پتەوکردنی برایەتی. RUK ئەو شانازییەی هەیە کە تا ئێستا ئەگەرچی بە ناهەق سینگی سوور بووە، بەڵام دەستی بە خوێنی برای خۆی سوور نەبووە و بەڵێنمان داوە قەتیش سوور نەبێ.

بەڵام لێرەشدا هەر دەڵێم، "دوبارە نەکردنەوەی روداوە دڵتەزێنەکان" هەر تەنیا بە هێزە سیاسیەکان ناکرێ. چەندی ئێوەی خوێندکارانی کوردستان و باقی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی لەسەرەوە ناوم بردن لە مەیداندابن و قسە و دەورتان هەبێ، بەوڕادەیە زەمانەت و گرەنتی بۆ "دوبارە نەکردنەوەی روداوە دڵتەزێنەکان" دروست دەبێ.

لە خاڵەکانی 3و4 دا، باستان لە نەهێشتنی ئاڵۆزی و لێکنزیکبوونەوە و یەکیتی بەکردەوە کردوە، داواتان لە "رێبەرانی سیاسی کوردستان" کردوە کە "هەرچی زووتر بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کوردستان هەنگا و هەڵگرنەوە". ئێوە بەدروستی قامکتان لەسەر ئەو راستیە داناوە کە "بەبێ بەرەیەکی یەکگرتوو کەڵك وەرگرتن لە هەلی هەڵکەوتوو نامومکینە".

من بۆ مێژو دەڵێم، نەك بۆ خۆ هەڵکێشان؛ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان تەنیا هێزی سیاسی کوردستانی رۆژهەڵاتە لە 12 ساڵ لەمەوبەرەوە باسی لە "بەرەی کوردستانی"کردوە و وەك هێندێ چەمکی دیکە، هێناویەتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی کوردستانی رۆژهەڵاتەوە. ئێمە بە چاکی لە پێویستی و زەرورەتی "بەرەی یەکگرتووی کوردستان" دەگەین و بایەخێکی زۆری بۆ قایلین. بەڵام دیسانیش دەبێ عەرزتان بکەم کە نە "بەرەی یەکگرتووی کوردستان" تەنیا بە هێزە سیاسیەکان پێکدێ و نە دەبێ تەنیا ئەوانیش لە خۆگرێ. حەوڵدان بۆ بەرەی یەکگرتووی کوردستان دەبێ حەوڵێکی جەماوەری بێ. حەوڵی ئێوە خوێندکارانی وشیار و پێگەیشتوو، تەقەڵای روناکبیران و نووسەران و هونەرمەندان بێ، هەڵسوڕانی کەسایەتیەکان و تەنانەت سەرجەم ئەو تاکانەی کۆمەڵ بێ کە ئاوات و ئامانجی رزگاری و سەربەخۆیی کورد و کوردستان و ئازادی و سەربەستی کوردانیان لە دڵدایە. هەر بەو پێیە بەرەیەکی ئەوتۆ، نابی و ناتوانێ، تەنیا لێك خڕبوونەوەی هێزە سیاسیەکان بێ. وێڕای هێزە سیاسیەکان دەبێ، ئەو توێژ و کەرتە کۆمەلایەتیانەش لە خۆگرێ. بە مانایەکی دیکە بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی دەبێ لە ئاکامی حەوڵ و تەقەڵای هاوبەشی هێزە سیاسیەکان، کەسایەتیە سەربەخۆکان، روناکبیران، هونەرمەندان، نووسەران و رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان چێ ببێ و هەموو ئەوانە، بەمافی یەکسان و وەك یەکەوە لەخۆگرێ.

لە خاڵی پێنجەم و کۆتاییدا، داوای واز هێنانی "رێبەرانی سیاسی کوردستان"تان لە "بیروبۆچوونە پاوان خوازییەکان و تەسك بینی و لەباتی خەڵك بیرکردنەوە و سیاسەتی یەکتر وەلانان"تان کردوە.

ئەوەندەی بۆ RUK دەگەڕێتەوە، سەرجەمی ئەو چەمك و دەستەواژانە لەگەڵ بیر و مێتۆد و تێگەیشتن و رێبازی ئێمە بێگانەن. هەڵوێستە سیاسیەکان و هەنگاوە عەمەلیەکانی ئێمە شایەت و بەڵگەمانن. RUK بایەخێکی زۆر بە کار و گۆڕانی فەرهەنگی لە تاکەکان و لە کۆمەڵ و لە حیزبەکاندا دەدا. یەکێتی و یەکێتی خوازی لە بنەما فکرییەکانی ئێمەن. بەڵام داواکەی ئێوە لە جێی خۆیدایە؛ چونکە کوردەواری وەك کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی و وڵاتێکی داگیرکراوی بندەست، نە دەرفەتی ئەوەی پێدراوە کولتوری دیمۆکراتیی بنیات بنێ، نە دامەزراوە دیمۆکراتیەکانی.

بە بۆچوونی ئێمە، تاکی کورد دەبێ، لە ناخی خۆیەوە دەسبکا بە تووڕدانی کولتوری توندوتیژی و نا دیمۆکراتی و ناسازگاری. هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەبێ بە مێتۆدی رەفتار لەگەڵ یەکتردا بچنەوە و هەبوونی یەکتر قبوڵ بکەن؛ رۆحی نەفرەت و قین لە یەکتر ولانێن؛ ئەندامانیان بە رۆحی یەکتر قبوڵ کردن و خۆشەویستیەوە گۆش بکەن، نەك ئامادەیان بکەن بۆ رۆژی شەڕ و یەکتر بەزاندن؛ پێویستە ئەندامی هەر هێزێك، ئەندامی هێزەکەی دیکە لەپێشدا بە کورد و برا و خوشکی نەتەوەیی خۆی دابنێ جا دوایە بە ئەندامی حیزبێك. حیزبەکان لە سەردەمی خەبات و بەرەنگاریی دا بنەمای "بەشداری" رەچاو بکەن، نەك "رێبەر" بوون و "هێزی یەکەم بوون"؛ لە هەلومەرجی ئازاد و دیمۆکراتیشدا، ملکەچی دەنگی خەڵك بن. حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، RUKشی لەگەڵدابی، دەبێ لەمێژوو دەرس وەرگرن، بەهەڵوێست و بە کردار و بە

**پرۆژە، گوتاری دیمۆکراتیی پێشکەشی کۆمەڵگا بکەن، نەك پێچەوانەکەی؛ بەرادەی خۆیان فەزای کۆمەڵگا بگرن نەك هەمووی داگیربکەن و هەموو بوارەکانی ژیان "سیاسی" و "حیزبی"بکەن. راستە کە ئێمە لە چوارچێوەی تەشکیلاتێکی دیاری سیاسیدا بۆ ئازادیی خاك و گەلێك خەبات دەکەین، بەڵام ئاسۆی بیر و ئەندێشەمان گەلێك فراوانترە. ئێمە مرۆڤ و مرۆڤایەتیمان لە ناوەندی خەیاڵە؛ خەون بە ئاشتی و ئازادی و بەختەوەری هەموو مرۆڤایەتییەوە دەبینین و ئارەزووی هەڵگرتنی هەموو ئەو سنورە دەسکردانە دەکەین کە مرۆڤ خۆی بەسەر خۆیدا سەپاندوون؛ بەڵام جوغرافیای خەباتمان بۆ وەدیهێنانی ئەو خەونانە کوردستانە و حیزبەکەشمان تەنیا وەك وەسیلە و ئامرازێکی کار و تێکۆشان لە پێناو بەشداریی لە وەدیهێنانی ئەو خەونانەدا دەبینین.**

**لە ناخی دڵەوە حەزم دەکرد، ئێمە، ئەو بەرێزانە و من کە نامەکەی ئێوەمان ئاراستە کرابوو، پێکەوە وەڵامی نامەکەتانمان دابایەتەوە. یەکێ لە هۆیەکانی وەدرەنگ کەوتنی وەڵامی نامەکەشتان لە لایان منەوە، هەر لەبەر ئەوەبوو. بەڵام واقعیەتەکان جیاواز بوون لە حەزەکەی ئێمە.**

**جارێکی دیکە سوپاستان دەکەم و لەباتی هەموو تێکۆشەرانی RUK دەستەکانتان بە گەرمی دەگوشم** و ئاواتی سەرکەوتن و شادی و بەختەوەریتان بۆ دەخوازم.

**حسەین یەزدانپەنا**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.